# دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن: تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن: تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە دوو سیفەت لە نێو خەڵكیدا هەن؛ لە کردەوەی کافرەکان، ولە ڕەوشتەکانی جاهیلیەت ونەفامین، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: تانەدان لە ڕەچەڵەکی خەڵکی و بەکەم دانانیان و خۆبەگەورەزانین بەسەریاندا. دووەم: بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی کارەسات؛ وەکو توڕەیی دەربڕینێك بەرامبەر قەدەر، یان دڕینی جلوبەرگ بەهۆی زۆر ناڕازیبوونەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee